# نوێکردنەوەی بونیادی موستەزاد لە شیعرەکانی گۆراندا

سەرباز مەجید خۆشناو[1] - یادگار ڕەسول حەمەدەمین[2]

[1]بەشی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

موستەزاد وەک قاڵب، پێشتریش لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا هەبوە، بەڵام بەراورد بە قاڵبەکانی دیکەی شیعر، کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە، بۆ نمونە لە تەواوی دیوانی (نالی)دا، تەنیا یەک شیعر لە قاڵبی موستەزاددا بەرچاودەکەوێت، لە دیوانی شاعیرانی دیکەیشدا بە هەمان شێوە، ئەگەر شیعری موستەزادیان نوسیبێ. بەڵام لەگەڵ ئەو وەرچەرخانەی، کە شیعری کوردیی تێدا نوێکرایەوە، شاعیرانی نوێخواز بە کاریگەریی شاعیرانی تورک، زیاتر بایەخیان بە قاڵبی موستەزاد دا و بەتەکنیک و شێوازی جۆراوجۆر، نوێکاری و داهێنانیان لە قاڵبی موستەزاددا کردوە.

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕوی ئەو تەکنیک و تایبەتمەندییانەی، کە گۆران وەک شاعیرێکی نوێخواز لە قاڵبی موستەزاددا پەیڕەوی کردون.

بایەخی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوە لە بونیادی قاڵبی موستەزاددا دەکات، چونکە پێشتر ئەگەر باس لە موستەزاد کرابێ، بە شێوەی کورتەباس و لە چوارچێوەی پێناسە و چەند نمونەیەک، ڕوکەشانە لەپاڵ قاڵبەکانی دیکەی شیعردا ئاوڕی لێدراوەتەوە. پێمانوایە لە ئێستادا لەم بوارەدا کەلێن هەیە و نەتواندراوە وەکو پێویست، ئەو داهێنان و نوێکارییانەی شاعیرانی نوێخوازی کورد لە قاڵبی موستەزاددا کردویانە، لە شوێنی شیاوی خۆیاندا جێگەیان بۆ بکرێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا، بە میتۆدی وەسفیی شیکاری کار لەسەر شێوازی بونیادی موستەزادەکانی گۆرانی شاعیر کراوە. بەو هیوایەی ببێتە سەرچاوەیەکی بەسود و هاندەرێکی زیاتر بۆ لێکۆڵینەوە لە قاڵبی موستەزاد لای شاعیرانی دیکەی نوێخوازی کورد. ئەم توێژینەوەیە، بە چەند ئەنجامێکی گرنگ گەیشتوە، کە وەک داهێنان و نوێکاری بۆ قاڵبی موستەزادی کوردی جێی بایەخن.

**کلیلە وشەکان:** بونیاد، موستەزاد، لەت، تیکە، نوێکردنەوە.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13**

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13
**Received:** 27-June-2022
**Accepted:** 07-Aug-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
sarbaz.omer@soran.edu.iq
yadgar.ameen@soran.edu.iq
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

شـاعیرانی نوێخوازی کورد، لە قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لە چەندین ڕووەوە هەوڵی نوێکردنەوەی شـــیعری کوردییان داوە، بۆ ئەو مەبەســـتەش ســـودیان لە ئەزمونی گەلانی دیکە وەرگرتوە. یەکێک لەو قاڵبە شیعرییانەی، کە لەو قۆناغەدا گۆڕانکاری و نوێکردنەوەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، قاڵبی موستەزاد بو. زۆربەی شـاعیرانی نوێخواز لەو قۆناغەدا بە تەکنیکی داهێنەرانە، گۆڕانکارییان لە قاڵبی موســتەزادی کلاسـیکدا کردوە و بەشێوەیەکی فراوانتر و مۆسیقیتر کاریان لەسەر بونیادی قاڵبی موستەزادەکانیان کردوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژێر ناونیشـانی (نوێکردنەوەی بونیادی موسـتەزاد لە شـیعرەکانی گۆراندا) هەوڵێکە بۆ خسـتنەڕوی ئەو تەکنیک و تایبەتمەندییانەی، کە گۆرانی شاعیر لە بونیادی موستەزادەکانیدا پەیڕەویکردون.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم پرسە لەبەر ئەوە بوە، کە موستەزاد وەک قاڵب، بەراورد بە قاڵبەکانی دیکەی شیعری کلاسـیکی گۆڕانکارییەکی زۆر و هەمەجۆری بەسـەرداهاتوە و شـاعیران بە تەکنیکی داهێنەرانە کاریان تێداکردوە، لە بەرامبەردا وەکو پێویســـت لێی نەکۆڵدراوەتەوە و ڕۆڵی شـــاعیرەکانیش لەو بوارەدا نەخراوەتەڕو. ئەوەی لە بواری ئەکادیمیدا بەرچاومان کەوتبێ، ئەو کتێب و لێکۆڵینەوانەن، کە لە پاڵ بابەت و قاڵبی دیکەدا، قاڵبی موسـتەزادیان ناسـاندوە، یان لە دیوانی شـاعیراندا ئاماژە بە قاڵبی شـیعرە موسـتەزادەکان کراوە، بەبێ ئەوەی لە پێکهاتە و بونیادی موستەزادەکان کۆڵدرابێتەوە. هەڵبژاردنی موستەزادەکانی گۆران وەک بابەتی لێکۆڵینەوە، لەبەر ئەوە بوە، کە گۆران شـــاعیرێکی بەرهەمداری ئەو قۆناغەیە و تەکنیکی زۆر و نمونەی موســـتەزادی داهێنەرانەی هەن، کە سنورێکی فراوانی بۆ لێکۆڵینەوەکە فەراهەم کردوە.

لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی قاڵبی موســـتەزاددا، لە بونیادی دەقە شـــیعرەکانمان کۆڵیوەتەوە، ئەمەش وایخواستوە، کە لە ڕوانگەی شێوازگەرییەوە بە میتۆدی وەسفی، شیکاری کار لەسەر بونیادی دەقەکان بکەین.

بابەتی لێکۆڵینەوەکە، دوبەش لەخۆدەگرێت؛ لە بەشـی یەکەمدا، هەوڵی ناسـاندنی قاڵبی موسـتەزاد دراوە. وەک لایەنی تیۆری، باس لە چییەتی و بنەما و بونیاد و جۆرەکانی موســـتەزاد کراوە. لە بەشـــی دوەمیشـــدا باس لە

بونیادی موســـــتەزادەکانی گۆران کراوە. لە میانەی لێکۆڵینەوەکەدا، بە چەند ئەنجامێک گەیشـــــتوین، کە لە چەند خاڵێکدا پوخت کراونەتەوە، لە کۆتاییشـــدا، ئاماژەمان بەو ســـەرچاوانە کردوە، کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە ســـودمان لێوەرگرتون.

## بەشی یەکەم

## چیەتیی موستەزاد

### ١-١ زاراوە

موســـــتەزاد وشــــەیەکی عەرەبییە و لە بابەتی جوانکاریدا زاراوەیەکی ئەدەبیە (عمید، ١٣٨٩، ل٩٣٨). لە کاری (زاد)ەوە دارِێژراوە و ((بە واتای زیادکراو دێ)) (گەردی، ١٩٩٩، ل٢٤٤) لەکوردیدا هاوشێوە عەرەبی و فارسییەکە، زاراوەی (موســـــتەزاد)ی بۆ بەکاردێت. عەلائەددین ســــەجادی لە پاڵ (موســـــتەزاد)دا، زاراوەی (زیادکراو)یشـــی بەکارهێناوە (سەجادی، ١٩٦٧، ل١٧٧). (هەژار)یش لە ژێر ناونیشانی موستەزادە عەرەبییەکەی (مەلای جزیری)دا، زاراوەی (کلکەدار)ی نوسـیوە (مەلای جزیری، ١٣٩٣، ل٦٣٥). لە شــەرحی حاڵی دیوانی مەلا ئەحمەدی کۆرەشــدا، (داشبەندی) لەپاڵ زاراوەی موستەزاددا، دەستەواژەی (پێی هەڵپەسێردراو)یشی بەکارهێناوە (محەمەد پور، ل١٦٥)[١] بەڵام لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا، جگە لە (موستەزاد) هیچ کام لەو زاراوانە، وەکو ناو، شوێنی ئەو هونەرەیان نەگرتۆتەوە.

### ١-٢ چەمک

لەڕوی چەمکەوە، موســـــتەزاد هونەرێکی شـــــیعرییە "بەو شـــــیعرە دەڵێن، دوای هەر لەتێک یان چەند لەتێک، تیکەیەک، یان چەند تیکەیەکی بە کێش و ســــەروای تایبەتییەوە بۆ زیاددەکرێ" (گەردی، ١٩٩٩. ل٢٨٦). پێکهاتەی موستەزادی کلاسیکی (کۆن) لە پێکهاتەی موستەزادی نوێ جیاوازە. موستەزاد لە شیعری کلاسیکیدا، ئەوەیە کە شـاعیر "غەزەلێک دەهۆنێتەوە لەســەر یەک کێش و قافیە، لە پاشـانا هەمو نیوەدێڕێک بە ڕسـتەیەک دەبەسـتێتەوە، ئەم ڕسـتەیە زیادەکەیە، کە دەچێتە ســەر هەمو نیوەدێڕەکانی شـیعرەکە" (خەزنەدار، ٢٠١٠، ب١، ل١٩٠). لەبارەی کێشـــــەوە "تیکە زیادکراوەکانیش بریتین لە دوبارەکردنەوەی پێی یەکەم و چوارەمی لەتە ڕەســـــەنەکان" (باڵەکی، ٢٠٠٥، ل١٥٠). نیوەدێڕی بنەڕەتیی شیعرەکە، کە لەتی پێدەگوترێت "چ لە کێش و چ لە سەروادا، هیچ پێویستییەکیان بەو زیادانە نییە"(ســــەجادی، ١٩٦٩، ل١٧٧)، بەو واتایەی "غەزەلەکە بە تەنیا بەبێ زیادەکان غەزەلێکی ئاساییە"(خەزنەدار، ٢٠١٠، ب١، ل١٩٠). سـەبارەت بە تیکە زیادەکان لە موسـتەزادی کلاسـیکیدا، هەرچەندە لەڕوی ماناوە تاڕادەیەک سەربەخۆن و سەروای تایبەت بەخۆیان هەیە و دەتواندرێ بە تەنیا، یان دو دو بدرێنە پاڵ یەک و دێڕە شـــــیعریان لێدروســـــتبکرێت، بەڵام زۆربەی جار بە هۆی پێکهاتەی تەفعیلەکانیان، ناتواندرێ لە قاڵبی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

غەزەلێکی کلاسیکیدا ڕێکبخرێنەوە، چونکە تەفعیلەکانیان مەجزوئی سێ برگەیین، شاعیرەکانیش ئەو مەبەستەیان نەبوە. لە بونیادی موستەزادی کلاسیکیدا، تەنها جەخت لەوە کراوەتەوە، کە دەبێ لەتەکان بەبێ زیادەکانیش، وەک شیعرێکی سەربەخۆ تەواو و بێ کەموکورتی لە قاڵبەکانیناندا دەربکەون.

سەبارەت بە دارشتنی قاڵبی موستەزاد لە شیعری کلاسیکیدا "هەمیشە بە کێشە هەشتییەکان دەبێ"(گەردی،١٩٩٩، ل٢٤٥). بە زۆریش "کێشی هەزەجی هەشت هەنگاویی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف، یان مەقسور بەکارهاتوە"(باڵەکی، ٢٠٠٥، ل١٥٠). لە هەر میسرەعێکیشدا تیکە زیادکراوەکە لە تەفعیلەی یەکەم و چوارەم دروست دەکرێت.

سەروای لەتەکانی موستەزادی کلاسیکی "وەکو سەروای غەزەل و قەسیدە وایە و بە زۆری دێڕی یەکەمیشیان موسەڕڕەعە، تیکە زیادەکانیش لەنێو خۆیاندا دابەشبونی سەروایان وەکو غەزەل و قەسیدە وا دەبێ و بە زۆری ئەوانیش دێڕی یەکەمیان موسەڕڕەع دەبێ"(گەردی،١٩٩٩، ل٢٨٧).

موستەزاد وەک هونەرێکی شیعری، زیاتر لە شیعری فارسیدا پەیڕەوکراوە، بەڵام لە کۆندا وەک قاڵبێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە، بەڵکو وەک سەنعەتێکی جوانکاری بۆ ڕازاندنەوەی شیعر پەسەندیان کردوە، دواتر لە سەردەمی شۆڕشی مەشروتە بوەتە جێگەی سەرنج و گرنگی پێدانی شاعیرە شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازەکان و زێدەڕۆییان تێداکردوە و جۆری جیاجیایان لە موستەزاددا داهێناوە، بەتایبەتی لە بواری غەزەل و موسەمەتدا (موتمن، ١٣٣٩، ل١١٨). یەکەمین کەس، کە باسی موستەزادی کردبێت، (شەڕەفەددین حەسەن ڕامی)ی فارسە. لەسەدەی هەشتەمی کۆچی لە کتێبی (حدائق الحقائق)دا باسی لە سێ جۆر موستەزاد کردوە (راغبیان، خدایی، ١٣٩٠، ل٧٨):

جۆری یەکەم: ئەوەیە کە لەدوای هەر لەتێک تیکەیەکی سەروادار دێت، بۆ نمونە:

ان کیست که تقریر کند حال گدارا    در حضرت شاهی
از غلغل بلبل چه خبر باد صبا را    جز ناله و اهی

جۆری دوەم: ئەوەیە، کە لەدوای هەر بەیتێک، تیکەیەکی زیادکراو هەیە، بۆ نمونە:

صد حلقه عنبرین بند اندر بند    دلدار برای فتنه بر دوش افکند
مانند کمند

جۆری سێیەم: ئەوەیە، کە لە دوای هەربەیتێک، میسرەعێک لەسەر هەمان بەحر زیادبکرێت، بۆ نمونە:

هرگز دل ما از تو به کامی نرسید    وصلت چورسید، جز به جامی نرسید
درد دل ما به دست او بازت داد
هرگز نفسی به پیش ما ننشستی    تا در پی ات از خانه غلامی نرسید
بر خیز و بیا که خواجه اوازت داد



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

لە شیعری كلاسیكیی كوردیدا، ئەو شاعیرانەی، كە موستەزادیان نوسیوە، تەنیا كاریان لەسەر جۆری یەكەم كردوە، واتە لە بونیادی موستەزادەكانیاندا، بۆ هەر لەتێك، تیكەیەكیان زیادكردوە.

بۆ نمونە:

ئەی تازە جەوان پیرم و ئوفتادە و كەوتوم

تا ماوە حەیاتم

دەستێ بدەرە دەستی شكستەم كە بەسەرچوم

قوربانی وەفاتم (نالی، ل٣٣)

لەت لە موستەزاددا، هەمان ئەو نیوە بەیتەیە، كە لە قاڵبی غەزەلدا هەیە، بەڵام تیكە، ئەو بەشە زیادكراوەیە، كە لە تەفعیلەی یەكەم و كۆتایی لەت پێكدێت و بەدوای لەتدا دێت. لەڕوی سەرواشەوە، لەتەكان جیاواز لە سەروای تیكەكان، هەریەكەیان بەجیا لەگەڵ خۆیاندا سەروای غەزەلیان هەیە. (AaAa).

## ٣-١ موستەزاد لە شیعر و لێكۆڵینەوەی ئەدەبی كوردیدا

موستەزاد بەڕێژەیەكی كەم لە شیعری شاعیرانی كلاسیكی كوردیدا بەرچاودەكەوێت و كەم شاعیری كلاسیكی كورد دەستی بۆ بردوە. مەلای جزیری یەكەم شاعیری كوردە، كە دەقێكی شیعریی لە قاڵبی موستەزاددا هۆنیبێتەوە، دەقەكەش بە زمانی عەرەبییە (گەردی، ١٩٩٩، ل٢٤٧). چەند شاعیرێكی دیكەی قۆناغی كلاسیك وەك: (ئەحمەدی خانی و پرتەوی هەكاری و نالی) موستەزادی كلاسیكییان هەیە، بەڵام لە نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا، شاعیرانی كورد بە ڕێژەیەكی زیاتر كاریان لەسەر بونیادی قاڵبی موستەزاددا كردوە، چ ئەوانەی پەیڕەوی قاڵبی كۆن و چ ئەوانەی نوێكارییان لە موستەزاددا كردوە. لەبواری نوسین و لێكۆڵینەوەی ئەدەبیشیدا، یەكەم كەس باسی هونەری موستەزادی كردبێ، شێخ نوری شێخ ساڵحە، كە هۆكاری پەیدابون و بەكارهێنان و بونیادی موستەزادی ڕونكردۆتەوە(ش. نوری، ١٩٢٦) لە شیعرەكانیشیدا زۆرترین داهێنان و گۆڕانكاریی لە قاڵبی موستەزاددا كردوە. دوای ئەو عەلائەددین سجادی پێناسە و جۆری موستەزادەكانی خستونەتەڕو (سجادی، ١٩٦٧، ل١٧٧) دڵشاد عەلی لە نامەی ماستەرەكەیدا موستەزادی ناسندوە (عەلی، ١٩٨٨، ل١٣٨) و محەمەد پور لەپاڵ ناساندنی قاڵبە شیعرییەكان، باسی لە قاڵبی موستەزادیش كردوە (داشبەندی، ١٣٧٨، ل١٦٥) عەزیز گەردی باسی لە پێكهاتەی سەروای موستەزاد كردوە (گەردی، ١٩٩٩، ل٢٨٦-٢٩٣) و باسی لە هەندێك لە كێش و قاڵبەكانی موستەزادی كلاسیكی كردوە (گەردی، ١٩٩٩، ل٢٤٤-٢٥٣) و یادگار ڕەسوڵ وەك هەوڵێك بۆ نوێكردنەوەی شیعری كوردی باسی لە نوێبونەوەی قاڵبی موستەزادیش كردوە (باڵەكی، ٢٠٠٥، ل ١٤٩-١٥٣). پەخشان عەلی ئەحمەدیش لە شێوازی شیعری گۆراندا ئاماژەی بە دو موستەزادی گۆران كردوە (جیلوەی شانۆ) و (بەردەنوسێك)(ئەحمەد، ٢٠٠٩، ل١١٩). عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، لە پەیڕەوكردنی قاڵبی موستەزاددا، باسی لە هەوڵی نوێخوازیی نالی كردوە (رسول،٢٠١٠ ل١٨٩). مارف خەزنەدار وەك قاڵبێكی شیعری كلاسیكی باسی لە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

چیەتیی موسەتەزاد کردوە (خەزنەدار، ٢٠١٠، ب١٠، ل١٩٠)، حەمەنوری کاکی وەک هونەرێکی شیعری نمونەی موستەزادی نوێی خستۆتەڕو (کاکی، ٢٠١٢، ل١١٨-١٢٠) بەڵام لەبەرئەوەی مەودای باسەکانیان سنوردار بوە، نەتواندراوە بە وردی لێیبکۆڵدرێتەوە.

## ٤-١ نوێبونەوەی قاڵبی موستەزاد لە شیعری کوردیدا:

موستەزاد وەک قاڵبێکی هونەری، لای هەندێک لە شاعیرانی کلاسیکیی کورد ناسراو بوە و ئاشنایەتییان لەگەڵ تایبەتمەندی و بنەماکانی ئەم هونەرەدا هەبوە، لە دیوانەکانیاندا نمونەی موستەزادی کلاسیکی بەرچاودەکەوێت، بەڵام لەگەڵ وەرچەرخانی قۆناغی نوێبونەوەی شیعری کوردیی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، قاڵبی موستەزاد نوێکاری و داهێنانێکی بەرچاوی تێدا کرا "لە ساڵانی بیستەکاندا یەکێ لەو گۆڕانکاریانەی بەسەر شیعری کوریدا هات، بریتیبو لە گۆڕینی کێش و سەروا و پێکهاتەی تۆپۆگرافیای موستەزاد" (باڵەکی،٢٠٠٥، ل١٥٠). لەگەڵ نوێبونەوەی شیعردا، شاعیرانی نوێخواز بە مەبەستی داهێنان، دەستکاریی قاڵبی موستەزادیان کردوە و گۆڕانکارییان بەسەردا هێناوە. "ئەم داهێنانە لەو کات و سەردەمەدا، جۆرێک بوە لە داهێنانی هۆنراوەیی و گۆڕانکاریەکەش بە مەبەستی دروستکردن و هێنانە کایەی ئاوازێکی تازە بوە" (کاکی، ٢٠١٢، ل١١٩). موستەزاد لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، دەبێتە دوجۆر:

### ٤-١-١ ئەو موستەزادانەی بە کێشی عەروزی هۆنراونەتەوە:

شاعیرانی نوێخوازی کورد لە قۆناغی نوێبونەوەدا، دەستیان بۆ موستەزاد بردوە و پەیڕەوی کێشی عەروزیان کردوە، بەڵام تایبەتمەندیی موستەزاد لەم قۆناغەدا، بەکارهێنانی قاڵبی جیاواز و لادانە لە بنەماکانی موستەزادی کلاسیکی، بەتایبەتی لەلایەنی پێکهاتەی قاڵبی لەت و تیکەکاندا، چ لە ڕوی ژمارە و چ لە ڕوی ڕیزکردن و بەدوای یەکداهاتنی لەت و تیکەکاندا.

ئەگەر لەڕوی کێشەوە، پێشتر قاڵبی هەزەج و موزاریع لە بونیادی موستەزاددا زیاتر پەیڕەوکرابێ، لە موستەزادە عەروزییەکانی قۆناغی نوێبونەوەدا، کێشی دیکەی وەک: ڕەمەل و موجتەس و قالبی دیکە لەم کێشانەدا بەکارهاتون، ئەمەش وایکردوە لە موستەزادی نوێدا، مەودایەکی فراوانتر بۆ ڕەزم و ئاوازی شیعرەکان برەخسێ.

### ٤-١-٢ ئەو موستەزادانەی بە کێشی ژمارەیی هۆنراونەتەوە:

شاعیرانی قۆناغی نوێبونەوە، لە پەیڕەوکردنی قاڵبی شیعردا، نەک هەر پشتیان لە موستەزاد نەکردوە، بەڵکو بە هۆی بەرزیی مۆسیقا لە قاڵبی موستەزاددا، بایەخێکی زیاتریان پێداوە و زۆرترین داهێنان و نوێخوازییان لە قاڵبی ئەو موستەزادانەدا کردوە، کە بە کێشی ژمارەیی هۆنیویانەتەوە. گەڕانەوە بۆ کێشی ژمارەیی وەک کێشی خۆماڵی هەوڵێکی دیاری شاعیرانی نوێخوازی کورد بوە. عەزیز گەردی، نوێکردنەوەی قاڵبی موستەزاد لە شیعری کوردیدا، بۆ کاریگەریی شیعری تورکی و فارسی دەگەڕێنێتەوە، بەتایبەتی کاریگەریی کۆمەڵەی (ثروت فنون) و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

(دەستور)ی توركی، كە داهێنانی جۆراوجۆریان لە موستەزاددا كردوە. لە فارسیشدا، لە سەردەمی شۆڕشی مەشروتە، شاعیرە ئازادیخوازەكان ڕویان كردۆتە موستەزاد و تێیدا قوڵبونەتەوە (گەردی، ١٩٩٩، ل٢٨٦). ئەمەش بۆ ئەو قۆناغەی نوێكردنەوەی شیعری كوردی، شتێكی ئاساییە و خودی شاعیرانی ئەو سەردەمەش حاشایان لەو كاریگەرییە نەكردوە، كەسێكی وەک گۆران، بەڕاشكاوی باسی لە كاریگەریی شیعر و شاعیرانی نوێخوازی تورک كردوە، بەتایبەتی لە ڕوكردنە كێشی نەتەوەیی.

## بەشی دوەم

## بونیادی موستەزاد لە شیعرەكانی گۆراندا

گۆران وەک شاعیرێكی نوێخواز، زۆرترین تەكنیک و داهێنانی لە نوێكردنەوەی شیعری كوردیدا كردوە. بەراورد بە شاعیرانی دیكەی سەردەمی خۆی، زیاتر لە شیعرەكانی كۆڵدراوەتەوە، لەزۆربەی ئەو لێكۆڵینەوانەشدا، ئاماژە بە موستەزادیی ئەو دەقانە نەدراوە، كە لەو قاڵبەدا داڕێژراون، وەک هەر دەقێكی دیكە مامەڵەیان لەگەڵدا كراوە، كە هەندێكجار پەیوەندیی بە سنور و پێویستیی لیكۆڵینەوەكانەوە هەبوە.

موستەزاد لە شیعردا، چ كۆن بێ، چ نوێ، وەک هونەر، پەیوەستە بە بابەتی مۆسیقای شیعر، ئەمەش لە چوارچێوەی پێكهاتەی كێش و سەروای شیعردا بەرجەستە دەبێت. شاعیرانی نوێخوازی كورد زو دركیان بەبایەخی مۆسیقای شیعر كردوە، هەر لە هەڵوەشاندنەوەی قاڵب و تەفعیلەوە بگرە، تا گۆڕینی بونیادی قاڵبی موستەزاد، وەک ئەوەی لای شێخ نوری شێخ ساڵح و مامەند كەركوكی بەرچاودەكەوێت. گۆرانیش وەک شاعیرێكی كارای ئەو قۆناغە، یەكێكە لەو پێشەنگانەی، كە بە تەكنیكی جیاواز و بەتایبەتمەندیی سەربەخۆ، لە چەندین ڕوەوە، گۆڕانكاری و نوێكاری و داهێنانی لە قاڵبی موستەزادەكانیدا كردوە.

گۆران لە داڕشتنی قاڵبی موستەزادەكانیدا، هونەركارییەكی هەمەجۆری لەلایەنی كێش و سەروادا كردوە، بۆ خۆبەدورگرتن لە چەندبارەكردنەوەی دەقەكاندا، هەوڵدەدەین بەیەكەوە لە ڕوانگەی بونیادی هەر دو لایەنی كێش و سەروا و دابەشكردنی لەت و تیكەكاندا شیكردنەوە بۆ دەقەكان بكەین.

دەستپێكی شیعر نوسین لای گۆران بە كێشی عەروزی بوە و دواتر هەنگاو بە هەنگاو لە عەروزەوە بەرەو كێشی ژمارەیی چوە و خۆی لە بەكارهێنانی وشە و زاراوەی عەرەبی و فارسی بەدور گرتوە، تا بەیەكجاری پشتی لە عەروز كردوە. بەپێی پێوەری بەكارهێنانی وشەی عەرەبی و فارسی بێت[٢]، گۆران لە زوەوە دەستی بۆ دانانی شیعری موستەزاد بردوە، بەو واتایەی، كە لە نێو شیعرە عەروزییەكانیشیدا، قاڵبی موستەزادی پەیڕەوكردوە. لە شیعرە نوێیەكانیشیدا، بە لادان لە بنەما كۆنەكانی موستەزاد و بەداهێنان و نوێخوازی تەكنیكی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

جۆراوجۆری لە قاڵبی موسـتەزاددا بەکارهێناوە. لە ڕوانگەی کێشـەوە پۆلێنی موسـتەزادەکانی نێو دیوانی گۆران دەکەین، کە دەبنە دو جۆر:

### ٢-١ ئەو موستەزادانەی بە کێشی عەروزی نوسراون

مەبەسـت ئەو موسـتەزادانەن، کە پەیڕەوی کێشـی (چەندی) عەروزییان کردوە. هەرچەندە ئەو بەحرانەی لە موستەزادی کلاسیکیدا بەکارهاتون، لە موستەزادی نوێشدا بەکارهاتون، بەڵام شاعیرانی کورد هەر لە سەرەتای نوێکردنەوەی قاڵبی موسـتەزاددا، گۆڕانکاریی جۆراوجۆریان لە بونیادی موسـتەزاددا کردوە، گۆران لەم بوارەدا، نەک هەر گۆڕانکاری، بەڵکو داهێنانیشی کردوە، وەک هەوڵێک بۆ ئەفراندنی قاڵبی جیاواز لە موستەزادی عەروزیدا.

### ٢-١-١ ئەو موستەزادەی لەسەر کێشی ڕەمەل نوسراوە.

هەرچەندە گۆران، بەراورد بە کێشەکانی دیکەی عەروز، کەمتر دەستی بۆ کێشی ڕەمەل بردوە و لە کۆی (٤٢) دەقی شـیعریی دیوانەکەیدا، تەنیا (٣) شـیعری لەسـەر ئەم کێشـە هۆنیوەتەوە[٣]، یەکێکیان ئەو موسـتەزادەیە، کە دەیخەینەڕو:

لە بونیادی موستەزادی (ئاخ، هەزار ئاخ..)دا هاتوە:

ئۆف، هەزار ئۆف! ئاخ، هەزار ئاخ! تا قیامەت ئاخ و داخ!

من کە سنگم بەردە، طەبعم بەرزە چەشنی شاخ و داخ،

من کە خوێنم ئاگرە،

چونە جۆشم حازرە،

من کە مایەی فەخری تەئریخی بەڕوم.

تاقە ڕەنگی ئابڕوم

مەردی، بێ باکی، دلێری بو هەمو...

کوا؟ مەگەر ئەصلی نەبو؟

بۆ سەرم نەرمە لە عاستی بەندی دیلی، داخەکەم؟.

بۆ لە نزمی و پەستی یا وەک گۆمی لوطە شاخەکەم؟

ئۆف، هەزار ئۆف! ئاخ، هەزار ئاخ!

نەگبەتیی کوردی هەژار، ئاخ! (ل١٨٥)

ئەگەر پێش گۆران، پەیڕەوی کێشـی ڕەمەلیش کردبێ، گۆران لە پیادەکردنی ئەم کێشـەدا، لە چەند ڕویەکەوە نوێکاری و داهێنانی کردوە و لە شێوە باوەکەی موستەزادی کلاسیکی لایداوە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

١- لەڕوی کێشـــــەوە: بەحری ڕەمەلی بەکارهێناوە، بەڵام لە دو قاڵبی جیاوازدا، بەو واتایەی دو قاڵبی لە بەحری ڕەمەل تێکەڵکردوە:

- ڕەمەلی هەشتیی مەحزوف، یان مەقسور.
- ڕەمەلی شەشیی مەحزوف، یان مەقسور.

موستەزادەکەی بە تێکەڵی لە هەردو قاڵبەکەدا داڕشتوە.

٢- لە ڕوی دابەشـکردنی لەت و تیکەکاندا: بۆ هەر قاڵبێک شـێوازێکی بەکارهێناوە، لە قاڵبی هەشـتیدا، بە دوای دو لەت، دو تیکەی زیادکردوە، بەڵام لە قاڵبی شەشیدا، پەیڕەوی شێوازی موستەزادی کلاسیکیی کردوە، بەو مانایەی دوای هەر لەتێک تیکەیەکی زیادکردوە.

گۆران لە پێکهاتەی بونیادی تیکەکاندا، پەیڕەوی شـێوازە کلاسـیکییەکەی کردوە، هەر تیکەیەک لە تەفعیلەی یەکەم و تەفعیلەی کۆتایی لەتەکانییەوە دروست بوە، بەڵام بەوەندە نەوەستاوە و دوتیکەی کۆتایی هەر کۆپلەیەکی لە دو تەفعیلەی تەواودا دروســـتکردوە، بەمەش جارێکی دیکە لە پەیڕەوی موســـتەزادی باو لایداوە. ئەو فرە تەکنیکەی شـاعیر لە بونیادی کێشـی ئەم موسـتەزادەدا بەکاریهێناوە، وای لە هەندێک لە توێژەران کردوە، کە ئەم دەقە بدەنە پاڵ شـــیعری عەروزیی ئازاد[٤]. لەبەرئەوەی گۆران لە شـــیعرەکەدا پەیڕەوی لەت و تیکەی کردوە و لە بونیادی تیکەشـــدا پشـــتی بە بنەمای قاڵبی موســـتەزاد بەســـتوە و ئازاد نەبوە لە بەکارهێنانی چەندییەتی و چۆنیەتیی تەفعیلەکان، بۆیە پێکهاتەی شیعرەکە لەسنوری قاڵبی موستەزاددا دەردەکەوێت.

٣- لە ڕوی سەرواوە: لەت و تیکەکانی قاڵبە هەشتییەکە، لەناو خۆیاندا هاوسەروان و لەگەڵ یەکتریشدا سەروایان جیاوازە، بەڵام لە قاڵبە شـەشـیەکەدا، هەر لەتێک لەگەڵ تیکە زیادەکەیدا هەمان سـەروایان هەیە، کە جیاوازن لە سـەروای لەت و تیکەی دوای خۆیان، لەم ڕوەوە، لە شـێوازی سـەروای موسـتەزادی باو لایداوە، لە بونیادی سـەروای موسـتەزادی کلاسـیکیدا هەریەک لە لەت و تیکەکان، بە جیا پەیڕەوی سـەروای (غەزەل) دەکەن. لەم موسـتەزادەی گۆراندا، سـەروای بەیتی کۆتایی لە هەرسێ پارچەدا، دەچێتەوە سـەر سـەروای بەیتی یەکەمی پارچەی یەکەم (AA).

٤- لەڕوی داڕشتن و تۆپۆگرافیاوە، موستەزادەکە لە سێ پارچەی هاوشێوە پێکهاتوە، جگە لە لەت و تیکەکان، لە کۆتایی هەر پارچەیەکدا بەیتێکی هەشـتی و بەیتێکی شـەشـی بەبێ تیکە هێناوەتەوە، ئەم پەیڕەوکردنەش لە قاڵبی موستەزادی کلاسیکیدا نیە و داهێنانی گۆران خۆیەتی.

به شێوەیەکی گشتی قاڵبی موستەزادەکە لە هەر کۆپلەیەکدا بەم شێوەیەیە:

| | | |
|---|---|---|
| لەت | فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان | A |
| لەت | فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان | A |
| تیکە | فاعلاتن فاعلن | b |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

تیکە فاعلاتن فاعلن b

لەت فاعلاتن فاعلاتن فاعلن C

تیکە فاعلاتن فاعلن c

لەت فاعلاتن فاعلاتن فاعلن D

تیکە فاعلاتن فاعلن d

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان E

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان E

فاعلاتن فاعلاتن فاعلان A

فاعلاتن فاعلاتن فاعلان A

## ٢-١-٢ ئەو موستەزادەی لەسەر کێشی موجتەسی هەشتیی مەخبونی ئەسڵەم بونیادنراوە

گۆران لە موستەزادی (جیلوەی شانۆ)دا، قاڵبی موجتەسی هەشتیی مەخبونی ئەسڵەمی پەیڕە و کردوە (مفاعلن فعلاتن مفاعلن فع لن) ×٢ و تیکەکانیشی بەپێی بنەما کلاسیکییەکەی لە تەفعیلەی یەکەم و چوارەم بونیاد ناون (مفاعلن فع لن). لەگەڵ ئەمەشدا، لادانێکی زۆر و نوێخوازی و داهێنانێکی بەرچاو لە بونیادی قاڵبی موستەزادەکەدا هەیە. عەزیز گەردی لە باسکردنی ئەم موستەزادەدا، بەهۆی پەیڕەونەکردنی شێوازی کلاسیکی لە هێنانەوە و دابەشکردن و ژمارەی لەت و تیکەکان، بە موستەزادی ئازادی لە قەڵەم داوە(گەردی، ١٩٩٩، ٢٩٢). لە ڕوی نوێخوازی و داهێنانیشەوە، ڕەفیق حیلمی لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا، ئەم موستەزادەی لەگەڵ موستەزادی (بهاردە) ی تۆفیق فیکرەت بەراورد کردوە، بەڵام لە هەندێک لایەندا، ئەوەی گۆرانی جوانتر هاتۆتە بەرچاو (حیلمی، ٢٠١٠، ل٢٢٤).

لێرەدا، لەبەر فرە جۆریی دابەشکردنی لەت و تیکە و لەبەر پەیڕەوکردنی شێوازی فرە ئاوازیی سەروای موستەزادەکە و بۆ خۆ پاراستن لە دوبارەکردنەوەی نمونە شیعرییەکان، تایبەتمەندییەکان بەیەکەوە دەخەینەڕو.

هەرچەندە لە ڕوی خاڵبەندییەوە، شیعرەکە بەهۆی دانانی سێ ئەستێرە، کراوەتە سێ کۆپلە، بەڵام لەم دابەشکردنەشدا هیچ وێکچونێک لە نێوان کۆپلەکاندا نییە. لەڕوی بەدوای یەکداهاتن و ژمارەی لەت و تیکەکانیشدا، موستەزادەکە قاڵبێکی دیاریکراوی نییە. بەشێوەیەکی گشتی ئەم چەند بونیادە لە دابەشکردنی لەت و تیکەکاندا هەن:

١- بۆهەر لەتێک، یەک تیکە، کە هەمان تایبەتمەندیی موستەزادی کلاسیکیە و تیکەکانیش بە هەمان پەیڕەوی کلاسیکی لە تەفعیلەی یەکەم و چوارەم دروستکراون. بۆ نمونە:

لە جەرگی پەردەوە تک تک دڵۆپی عود ئەڕژا

بە نوکی تەئثیری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

تەڕەب ئەهاتە خورۆش، تالعی سرور ئەپژا

به ئاهی دڵگیری (ل١١٠)

له ڕوی بونیادی سەرواشەوە، بە هەمان شێوە پەیڕەوی شێوە باوەکەی موستەزادی کلاسیکیی کردوە و سەروای غەزەلی لە لەت و تیکەکاندا پەیڕەو کردوە (AbAb).

٢- هێنانەوەی دولەت بەبێ تیکە و تێکەڵکردنی لەگەڵ قالبی موستەزاد. بۆ نمونە:

کەمان – شەهیق و زەفیری فریشتەیی ئەلحان –

ئەکەوتە ناو دڵی مردویش هەناسەیی هەیەجان (ل١١٠)

ئەم ئیزافەیە دیاردەیەکی نوێیە، پێشتر لە قاڵبی موستەزادی کلاسیکدا پەیڕەونەکراوە و لە قاڵبی موستەزادی نوێشدا داهێنانێکی تازەیە. لەڕوی سەرواشەوە هەردو نیوە بەیتەکە هاوسەروان.

٣- بە دوای یەکداهاتنی: تیکە + تیکە + لەت+ تیکە. بۆ نمونە:

نەوایی مۆسیقی

کە مەخزەنی سیحری

تەلێکە پێ ئەکەنێ، یا کونێکە حوزن ئەگری

بە سۆزی تەشویقی (ل١١٠)

لەڕوی دابەشکردن و ژمارەی لەت و تیکەدا، شاعیر لادانێکی گەورەی لە قاڵبی کلاسیکدا کردوە، پێشخستنی تیکە و بەدواداهاتنی لەت، تەواو پێچەوانەی تایبەتمەندیی موستەزادی کلاسیکییە، هەروەک هێنانەوەی سێ تیکە بۆ لەتێک لادانێکی دیکەیە، کە گۆران وەک هەنگاوێک بۆ بونیادنانی قاڵبی موستەزادی نوێ پیادەی کردوە. لە ڕوی سەرواشەوە پەیوەندیی لەت بە تیکەکانییەوە، لەسەر بنەمای دابەشکردنی سەرواوە بوە، بەو واتایەی دو تیکە بەیەکەوە و تیکەیەک و لەتەکەش بەیەکەوە مۆسیقای کۆپلەکەیان هاوسەنگ کردوە.

سەروای تیکەی یەکەم و سێیەم هاوشێوەن و تیکەی دوەم لەگەڵ ئەو لەتەی بەدوایدا هاتوە، هاو سەروان (abBa). بەمەش نوێکاری و داهێنان لە موستەزادەکەدا کراوە.

٤- بە دوای یەکداهاتنی: تیکە + لەت + لەت + تیکە. بۆ نمونە:

مەتاعیبی گوزەران

هێواش، هێواش ئەتکێتە دەرونی نیسیانێک

کە ڕەمزی لەززەتە، میفتاحە بۆ تەلیسمی ژیان

ژیانی ئینسانێک! (ل١١١)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

جگە لەوەی دابەشکردنەکە جێگۆڕکێی لە شوێنی لەت و تیکەدا کردوە، و لە شێوازە باوەکەی موستەزادی کلاسیک لایداوە، لەڕوی سەرواشەوە، لادان لە سەروای لەت و تیکەکاندا هەیە، تیکەی یەکەم لەگەڵ لەتی دوەم و لەتی یەکەم لەگەڵ تیکەی دوەمدا هاوسەروان: (aBAb)

٥- بە دوای یەکداهاتنی: لەت + لەت + تیکە + ٤ لەت بۆ نمونە:

لەپڕ کە باڵی ڕەشی هەڵبڕی قەلی پەردە:

پەریی جوانی، فریشتەی سەمایی نادیدە

لە عەرشی شانۆدا

بە عیشوە پەیدا بو:

نیگاهی مەست وەکو شوعلەیی هیدایەتی سەودا

تەبەسسومی موتەوالی شیقای هیوای مردو

ئیشارەتی هەمو نوتقی فەسیح و ئەلحانی

وەکو کیتابی موقەددەس بڵند و ڕۆحانی! (ل١١١).

لە چەندێتیی ژمارە و چۆنیەتیی بەدوای یەکداهاتنی لەت و تیکەکاندا لادان هەیە، لەڕوی سەرواشەوە، سەروای تیکەکان بە سەروای لەتەکانەوە پەیوەست کراون و لەگەڵ خۆیاندا جیاوازن: (AA b c BC DD)

٦- بەدوای یەکداهاتنی سێ لەت و یەک تیکە. بۆ نمونە:

بە سنعەتێک ئەلەقێ پوزی وەک ستونی سپی

وە پێی بچوکی مەهارەت لە ئەردی زەربە ئەدا

بە دڵ بوایە زەعیف بو مەتانەتی دنیا

لە ژێریا ئەتەپی! (ل١١١)

لەڕوی سەرواوە تیکە لە گەڵ لەتی یەکەمدا هاوسەروان و دولەتی ناوەڕاستیش هاوسەروای یەکترین. (ABBa).

٧- بەدوای یەکداهاتنی: لەت + تیکە + تیکە + لەت + تیکە + سێ لەت. بۆ نمونە:

چ جوان دو باڵی بلورین وەکو لقی مەڕمەڕ

نەرم، نەرم ئەلەری

شەپۆلی لێ ئەوەری

شەپۆلی سنعەت و ئیلهام، شەپۆلی جیلوە و فەڕ!

کە چاوی ئاسمانی

لە بەحری بێ بن و دوری خەیاڵی بەرز ئەبڕی

ئەکەوتە لەرزی لەتافەت، لەرانەوەی جوانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

لەشی لە کوڵمەوە تا سنگی نەرم و مەمکی خڕی.(ل١١٢)

تەوزیفکردنی تیکەکان لە بونیادی ئەم پارچەیەدا، بەچەند جۆرێک دەردەکەون:

بەشــی یەکەم: دو لەت و دو تیکە، کە هەردو تیکەکە دەکەونە نێوان هەردو لەتەکە. لەڕوی ســەرواوە، تیکەکان بە جیا و لەتەکانیش بەجیا هاوسەروان: (A bb A).

بەشــی دوەم: یەک تیکە + ســێ لەت. تیکە لە پێش ســێ لەت هاتوە. لە ڕوی ســەرواوە تیکەکە لەگەڵ لەتی دوەم و هەردو لەتی یەکەم و سێیەمیش لەگەڵ یەکتردا هاوسەروان (aBAB).

سێیەم: هەمو پارچەکە بەسەر یەکەوە: (لەت A تیکە b تیکەb لەت A تیکە c لەت D لەت C لەت D).

٨- بەدوای یەکداهاتنی: چوار لەت + یەک تیکە + یەک لەت. بۆ نمونە:

کوڵم کە میوەیەکە ئاڵ و مزری سەر لقی لەش

وە نەرمی سینە کە لانەی خەوێکە یەزدانی

خەوی عیشق.. گڕی عیشقی هەمیشە گریە و گەش!

وە گۆی مەمک کە تەماس و گوشینی وەک دوگمەی

ئەلەتریک، ئانی

ئەخاتە سەر ڕەگی لەش کارەبای ئۆخەی! (ل١١٢)

ئەم دابەشــکردنەی لەت و تیکە، چ لەڕوی ژمارە، چ لەڕوی بەدوای یەکداهاتنیان، هونەرێکی داهێنەرانەی ناوازەیە، کە لە قاڵبی عەروزدا و لە بونیادی موستەزاددا پەیڕەوکرابێ. لەڕوی سـەرواشـەوە، تیکە لەگەڵ لەتی دوەم و لەتی یەکەم لەگەل لەتی سێیەم و لەتی چوارەمیش لەگەڵ لەتی پێنجەم هاوسەروان: (ABACbC).

٩- بەدوای یەکداهاتنی دو لەت + یەک تیکە + یەک لەت:

دەمێک ئەبو بە شنەی با بە ڕەوتی نەرم و نیان،

دەمێک ئەبو بە پەڕێکی خەفیفی ئاوڕیشمین

بە گەردەلولی حەزین

ئەکەوتە بەر جەرەیان بێ قەرار و سەرگەردان! (ل١١٢)

جگە لە لادان لە تەوزیفکردنی تیکە بۆ لەت، لەڕوی ســـەرواشـــەوە نوێکاری هەیە، لەتی یەکەم و کۆتایی و لەتی دوەم لەگەڵ تیکەی دوای خۆی، کە دەکەونە ناوەڕاست، هاوسەروان: (ABbA).

١٠- بەدوای یەکداهاتنی تیکە و لەت. بۆ نمونە:

سەما، سەمای سنعەت:

حەیاتی جوانی، جەمالی بزوتن، گیانی

وجودی عیشوە و ناز



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

لە خواوە بەهرەیەکە پڕ بە پێستە بۆ ئافرەت

ئەویش بەسەد ئیعجاز

ضیای سرور ئەڕژێتە ژینی ئینسانی (١١٣).

لەم پارچەیەدا، گۆران لەڕوی بەیەکەوە هاتنی لەت و تیکە، شـــێوازی باوی موســـتەزادی ئاوەژو کردۆتەوە، بەو واتایەی تیکەی پێش لەت خستوە. لە هێنانەوەی سەرواشدا، تێکەڵەیەکی لە سەروای تیکە و لەتەکاندا دروستکردوە، کە بەمەش بەرزی و نزمییەکی زیاتری بە مۆسیقای پارچەکە داوە: تیکەی یەکەم لەگەڵ لەتی دوەم و تیکەی دوەم و تیکەی سێیەم و لەتی یەکەم و لەتی سێیەم، لە گەڵ یەکتردا هاوسەروان (aBcAcB).

١١- بەدوای یەکداهاتنی دو لەت+ تیکە + لەت + تیکە + لەت

لەم پارچەیەشـــدا، کە دوا کۆپلەی موســـتەزادەکەیە، شـــاعیر بەراورد بە پارچەکانی دیکەی موســـتەزادەکە، تۆبۆگرافیایەکی جیاوازی نەخشاندوە، لە کۆتاییشدا دو لەتی هاوسەروای بەبێ تیکە تەوزیفکردون:

فیدات ئەبم ژنی جوان، ئەی جەمالی سنعەتکار

بەڵێ! دەلیلی سەعادەت ئەخەیتە پێش ئەنظار،

بەلام هەمو تاوێ

دەوام ئەکا .. لە پڕێکا وەکو مەلی ئاوات،

کە تۆ فڕیت هەیهات!

ئەویش لە پەردە ئەپێچرێ، نیشانەیەک، ناوێ

لەتۆ بمێنێ: پەنایە بە خاترەی مەئیوس،

وەلێ لە ئەو لە سەعادەت: صفر .. صفر .. ئەفسوس (ل١١٣).

لەڕوی ســەرواوە، هەردو لەتی یەکەم هاوســەروان، بەلام تیکەی یەکەم لەگەڵ لەتی چوارەم و لەتی ســێیەم لەگەڵ تیکەی دوای خۆیدا هاوسەروان و دو نیوەبەیتی کۆتاییش لەگەڵ یەکتردا هاوسەروان. پێکهاتەی سەروای کۆپلەکە بە شێوەیەکی گشتی بەم جۆرە دەردەکەوێت: (AA bCcB DD)

گۆران لەم موستەزادەیدا، زۆرترین لادان و داهێنانی کردوە، بە ڕادەیەک، کە هەر پارچەیەک خاوەن مۆسـیقایەکی تایبەت بەخۆی و جیاواز لەوانی دیکە دەردەکەوێت.

## ٣-١-٢ تێکەڵکردنی کێشی عەروزی و کێشی بڕگەیی

گۆران لە ئەزمونێکی دیکەی داڕشتنی شیعریدا، لە موستەزادی (ئاواتی دوری)دا، هەردو کێشی عەروزی و کێشی ژمارەیی تێکەڵکردوە، بەمەش جگە لە لادان لە قاڵبی موســتەزادی کلاســیکی، پەیڕەوی هەنگاوێکی نوێ و ناوازەی کردوە:

ئەی چاو! چەشنی بازی قەفەز هەڵوەرێ پەڕت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دڵبەرت؟
کوانێ دو چاوی مەست؟ کوانێ؟
کوانێ برۆی پەیوەست؟ کوانێ؟
کوانێ زوڵفی ڕەش؟
کوڵمی ئاڵ وگەش؟
کوا هەیکەلی جەمال؟
کوا حوسنی بێ میثال؟ (ل ١٣)

گۆران لە چەند ڕویەکەوە وردەکاریی لە بونیادی موستەزادەکەدا کردوە:

١- لە ڕوی کێشەوە: هەردو کێشی عەروزیی: موزاریعی هەشتیی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف (مفعول فاع لاتن مفاعیل فاع لن) و کێشی ژمارەیی هەشت بڕگەیی بۆ لەتەکان بەکارهێناوە. لە پێکهاتەی تیکە عەروزییەکاندا، بەهەمان شێوە، پەیڕەوی بنەمای موستەزادی عەروزیی کردوە، بەو واتایەی، لە تیکە عەروزییەکاندا، هەردو تەفعیلەی یەکەم و چوارەمی لەتەکانی وەرگرتوە (مفعول فاع لاتن) لە بونیادی تیکەکانی دیکەشدا، پەیڕەوی کێشی ژمارەیی کردوە.

٢- لە ڕوی سەرواوە: سەروایەکی فرە ئاوازی بە موستەزادەکە بەخشیوە: لە هەر کۆپڵەیەکدا، سەروای لەتە عەروزییەکان لەگەڵ سەروای لەتە خۆماڵییەکان جیاوازن. سەروای لەتەکانیش بەهەردو جۆریانەوە، لە سەروای تیکەکانیان جیاوازن و سەروای تیکەکانیش لە هەردو جۆردا، لەگەڵ یەکتریدا جیاوازن. (AABBccdd)


٣- لە ڕوی دابەشکردنەوە: شاعیر لە بونیادی موستەزادەکەیدا، وێڕای تێکەڵکردنی هەردو جۆر کێشی چەندی و کێشی ژمارەیی، بە جێگۆڕکێی شوێنی تیکەکانیش، گۆڕانکاریی لە بونیادی موستەزادی کلاسیکیدا کردوە.

ئەگەر لە موستەزادی عەروزیدا، تیکە بەدوای لەتەوە بێت، دەبینین گۆران ئەو قاڵبە باوەی تێکشکاندوە، تیکەکان ڕاستەوخۆ بەدوای لەتەکانیانەوە نەهاتون، بەڵکو لەدوای لەتە عەروزییەکانەوە، دو لەتی دیکە بە کێشی بڕگەیی هاتون، هەم لە جۆری کێش و هەم لە ژمارەی بڕگەکانیشیانەوە، لەگەڵ لەتە عەروزییەکاندا جیاوازن. دوای لەتەکان نۆرەی بە هاتنی تیکەکان داوە، لێرەشدا، نۆرەی تیکە عەروزییەکانی دواخستوە و بەدوای تیکە خۆماڵیەکانەوە هاتون، بەو شێوەیەی، کە موستەزادە عەروزییەکە، موستەزادە بڕگەییەکەی لەخۆگرتوە. ٤- شاعیر تۆپۆگرافیای موستەزادەکەی بەسەر (٥) کۆپڵەی هاوشێوەدا دابەشکردون. لە موستەزادی کلاسیکدا، قاڵبی غەزەل یان قەسیدە پەیڕەودەکرێت. بۆیە ئەم شێوازی دابەشکردنەی موستەزاد، بە داهێنانێکی ناوازەی قاڵبی موستەزاد دادەندرێت لە شیعری نوێی کوردیدا.

بە شێوەیەکی گشتی قاڵبی موستەزادەکە، لە هەر کۆپڵەیەکیدا، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13




هێلکاری (١) قاڵبی موستەزادی ئاواتی دوری

جگە لەو موســـتەزادانەی بەکێشـــی عەروزی نوســـراون، گۆران چەند موســـتەزادێکی دیکەی هەن، کە بە کێشـــی بڕگەیی هۆنراونەتەوە.

## ٢-٢ ئەو موستەزادانەی بە کێشی بڕگەیی هۆنراونەتەوە:

گۆران یەکێکە لە شـــاعیرە نوێخوازەکانی قۆناغی دوەمی نوێکردنەوەی شـــیعری کوردی و یەکێکە لە پێشـــەنگەکانی ئەو بوارە. ڕوکردنە کێشـــی ژمارەیی یەکێک بوە لە تایبەتمەندییەکانی نوێبونەوەی شـیعری کوردی لەو قۆناغەدا. گۆران هەوڵیداوە، لە داڕشـتنی موسـتەزادەکانیدا، ئاوڕ لە کێشـی خۆماڵی بداتەوە، ئەم هەوڵەشـی بە تەکنیکی جیاواز لە چەند موســـــتەزادێکدا چڕکردۆتەوە. هەرچەندە باس لە کاریگەربونی گۆران دەکرێت، گۆران بۆخۆیشی ئەمەی گوتوە، کە بە شاعیرانی تورک کاریگەربوە و لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا لاسایی ئەوانیان کردۆتەوە، بەڵام گۆران تەنیا بەلاسایی کردنەوە نەوەستاوە، بەڵکو داهێنانی زیاتر و هەنگاوی تایبەت بەخۆی ناوە، کە ئەمەش لە موستەزادەکانیدا ڕونتر بەرجەستە دەبێت. ئێمە لەم باسەدا بەپێی بونیادی قاڵبەکانیان موستەزادەکان پۆلێن دەکەین و پێکهاتەکانیان دەخەینەڕو:

## ٢-٢-١ ئەو موستەزادانەی بۆ هەر لەتێک تیکەیەکیان بۆ زیادکراوە.

ئەم دابەشکردنە، سادەترین تایبەتمەندیی موستەزادی هەیە و نزیکترین جۆری موستەزادی نوێیە لە موستەزادی کلاسیک. تایبەتمەندیی ئەم قاڵبە لەوەدایە، کە بۆ هەر لەتێک تیکەیەکی زیادکراو هەیە و ڕاستەوخۆ بەدوایەوە دێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

لەڕوی سەرواشەوە، لە هەر دێڕێکدا، سەروای تیکەکان لەگەڵ سەروای لەتەکانیان جیاوازن. لەشیعرەکانی گۆراندا، موســـتەزادەکانی (ســـکالآ) و (بەردەنوســـێک) نمونەی ئەم جۆرە موســـتەزادەن. ئەوەی ئەم دو موســـتەزادە لە موستەزادی کلاسیکی جیادەکاتەوە، ئەوەیە، کە:

– بەکێشی ژمارەیی نوسراون: یەکەمیان بە کێشی دە بڕگەیی (٥+٥) و دوەمیان بە کێشی یازدەبڕگەیی (٣+ ٣+ ٥) هۆنراونەتەوە، لە هەردو موستەزادەکەشدا، پێکهاتەی تیکەکانیان پێنج بڕگەیین.

– لەڕوی واتاوە تیکەکان بەشێکن لە لەتەکان، بەو مانایەی، تیکەکان لەم ڕوەوە سەربەخۆنین و لە تەکانیش بەبێ تیکەکان واتای تەواو بەدەستەوە نادەن.

– گۆران وەک شـیعرەکانی دیکەی، پەیڕەوی خاڵبەندیی کردوە، بەمەش لەڕوی مۆسـیقاوە، موسـتەزادەکەی فرە ئاوازتر کردوە.

– لەڕوی سەرواوە، لە هەر دێڕێکدا، لەتەکان بەجیا و تیکەکان بەجیا لەگەڵ یەکتریدا هاوسەروان.

قاڵبی هەر یەک لە موستەزادەکان، بەم شێوە دەردەکەوێت:

یەکەم: موســـــتەزادی (ســـکالآ): قاڵبی لەتەکان دە بڕگەیی (٥+ ٥) و قاڵبی تیکەکان پێنج بڕگەیی و ســـــەروای موستەزادەکەش بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە: (AbAb)

لە سەمای بەرزی ناوبانگی حوسنا

تاقە ستارە،

نەبوی لە وزەی دەستکورتیی منا

ئاشکرا و دیارە! (ل٢٤).

دوەم: موســـــتەزادی (بەردەنوســــێک): قاڵبی لەتەکان یازدە بڕگەیی (٣+ ٣+ ٥) و قاڵبی تیکەکان پێنج بڕگەیی و سەروای موستەزادەکە بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە: (AbAb)

لە خاکی گڵکۆما ئەی گۆڕستان گەڕ

ئاخێک بنێژە:

بە کێڵی مەڕمەڕما فرمێسکێکی تەڕ

لە چاو بڕێژە! ( ل٢٠٩).

**٢-٢-٢ ئەو موســـــتەزادانەی بۆ هەر چوار لەت، چوار تیکەیان بۆ زیادکراوە** : چوار تیکەکان بەدوای چوار لەتەکانەوە دێن. گۆران لە هەردو موســـتەزادی (دەمی ڕاپەڕین) و (یادی لەنین)دا، ئەم قاڵبەی پەیڕەو کردوە. موســـــتەزادەکان دو شــــیعری کورتن، یەکەمیان دو کۆپلە و دوەمیان لە یەک کۆپلە پێکدێت. وەک موســـــتەزاد، چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە:

١– لەڕوی کێشەوە، لە هەردو موستەزادەکەدا، لەتەکان یازدە بڕگەیی و تیکەکان پێنج بڕگەیین. بۆ نمونە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین!

هەتاکەی بە سستی و بە پەستی بژین؟

پەلاماردە، ئەی کورد، عەرەق ڕشتنێ!

لە دڵ کرمی ناکۆکی دەرکردنێ!

بە یەک بونە گشت:

پتەو بونی پشت!

بە یەکبون ئەبێ:

گەلت پێش کەوێ! (ل ٤٠٣).

٢- لەڕوی سەرواوە، لە هەردو موستەزادەکەدا، هەر دو لەت بەیەکەوە دێڕێکی جوت سەروایان دروستکردوە و جیاوازن لە دو لەتی دێڕی دوای خۆیان. سەروای تیکەکان لە موستەزادی یەکەم (دەمی ڕاپەڕینە)دا، بەهەمان شێوەی لەتەکانیان هەردو لەت سەروای هاوشێوەیان هەیە و لەسەروای تیکەکانی دیکە جیاوازن (AABBccdd)، بەڵام لە موستەزادی دوەمدا، هەر چوار تیکەکە هەمان سەروای دێڕی یەکەمیان هەیە، لەبەرئەوەی لە یەک کۆپلە پێکهاتوە، تیکەی دیکەی نییە تا لەگەڵیاندا بەراورد بکرێت (AABBaaaa).

نمونە بۆ موستەزادی (یادی لەنین):

بە سەرکردەیی بەرزی هاوڕێ لەنین..

کشا لەشکری شۆڕشی سوری چین..

بە زانست و بیر و بە خوێن و عەرەق..

شەوی ئادەمیزادی خستە شەبەق..

برادەر لەنین..

بەعەزم ئاسنین..

کە پێی نایە ژین،

سەری بەرزە چین.. (ل ٤١٧).

٣- لە دوای تیکەکانەوە، لە موستەزادی (دەمی ڕاپەڕین)دا، لە هەردو کۆپلەکەدا دێڕە شیعری یەکەم دوبارە بوەتەوە.

دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین!

هەتاکەی بە سستی و بە پەستی بژین؟ (ل٤٠٤)

بە شێوەیەکی گشتی قاڵبی سەروای مەسنەویی بۆ هەریەک لە لەت و تیکەکان بەکارهێناوە، سەروای هەر دو کۆپلەکە بەیەکەوە بریتییە لە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

(AA BB cc dd AA – EE FF gg hh AA).

لە موســـــتەزادی دوەم (یادی لەنین)دا، لە دوای تیکەکان ســــێ لەت هاتون. دولەتی یەکەم وەک دێڕە شــــیعر سەرواکەی چۆتەوە سەر سەروای دێڕی یەکەم، بەڵام دێڕی کۆتایی، سەروای تایبەتە و لەگەڵ سەروای لەت و تیکەکاندا جیاوازە:

بژی یادی پیرۆزی بەرزی لەنین!.

بژی داس و چەککوش!. بژی حیزبی چین!.

بژی شۆڕشی یەکخەری گشت گەلان. (ل٤١٧)

بە گشتی، قاڵبی سەروای موستەزادەکە بەم شێوەیە دەردەکەوێت: (AA BB aaaa AA C AA).

## ٣-٢-٢ ئەو موستەزادانەی قاڵبی هەمەجۆریان هەیە:

بونیادی ئەم جۆرە موستەزادانە، ئاڵۆزن، پابەندی قاڵبێکی دوبارەبوەنین، شێوازی دابەشکردنی لەت و تیکەکانیان، هەمەچەشنن. گۆرانی شاعیر دو موستەزادی بە ناونیشانی (جیلوەی شانۆ) و (ئەنجامی یاران) بەم شێوازە تێکەڵە هۆنیوەتەوە. پێشتر تایبەتمەندییەکانی موستەزادی (جیلوەی شانۆ)مان خستنەڕو، لێرەدا لە موستەزادی (ئەنجامی یاران) دەکۆڵینەوە، چونکە ئۆپەرێتێکە لەســــەر کێشــــی برگەیی هۆنراوەتەوە. شــــاعیر لە ڕێگەی گفتوگۆی کارەکتەرەکانی ئۆپەرێتەکە، موســــتەزادەکەی بەســــەر (١٧) حیوار دابەشــــکردوە. پارچەکان لە ڕوی بونیادەوە تەکنیکی جۆراوجۆریان تێدا بەکارهاتوە. لە خوارەوە تایبەتمەندییەکانیان دەخەینەڕو:

أ- لە ڕوی کێشەوە: بەشێوەیەکی گشتی موستەزادەکە لەسەر کێشی خۆماڵیی (١١) برگەیی هۆنراوەتەوە، بەو واتایەی لەتەکان لە (١١) برگە (٣+ ٣+ ٥) پێکهاتون، بەڵام تیکەکان بە هەردو کێشــــی (٥) برگەیی و (٦) برگەیی (٣+٣) دارێژراون.

ب-لە ڕوی دابەشــــکردن و ســــەروا و بەدوای یەکداهاتنی لەت و تیکەکان، گۆران لەم ڕوەوە چەند تەکنیکێکی پەیڕەوکردوە:

١- بە دوای یەکداهاتنی یەک لەت و یەک تیکە: دوجار ئەم شێوازە بەکار هاتوە، لەڕوی بونیادەوە، هەمان بونیادی موستەزادی کلاسیکیی هەیە و سەروای غەزەلی تێدا پەیڕەوکراوە، جیاوازییەکەی لەگەڵ موستەزادی کلاسیک لەوە دایە، کە بە کێشــــی ژمارەیی هۆنراوەتەوە و پێکهاتەی تیکەکانی پەیوەندییان بەپێی یەکەم و کۆتاییەوە نییە. بۆ نمونە:

ئەی دایەی سەرکانی ژێر سورە چنار،

داپیرەی نورانی

کوا فەڕی ئەم کاتەی ئەم جێگەیەی یار؟

کوا شەوقی جارانی؟ (ل٣٤٧)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

لە ڕوی سەرواوە، هەر یەک لە لەت و تیکەکان سەورای تایبەت بەخۆیان هەیە و سەروای لەتەکان لەگەڵ سەروای تیکەکان جیاوازن و لە هەردوکیشیاندا، سەروای غەزەل پەیڕەوکراوە. (AbAb).

٢- بەدوای یەکداهاتنی یەک لەت + یەک تیکە + دو لەت: ئەم شـێوازە لە یەک پارچەدا پەیڕەوکراوە. لەتی یەکەم و سێیەم بەیەکەوە و تیکە و لەتی چوارەمیش لەگەڵ یەکتردا هاوسەروان: (AbAB).

کوڕی خۆم، ڕێبواری جوان و هەرزەکار،

جیاوازیی چیت دیوە

لە کانی و پلوسکی ژێر سێبەری دار،

کە زیخی مرواری و ئاوی وەک زیوە؟ (٣٤٧)

٣- بەدوای یەکداهاتنی: لەت + تیکە × ٢ + دو لەت: ئەم تەکنیکە لە شەش پارچەدا دوبارەبۆتەوە، بۆ نمونە:

ئەی جوانی سەر ڕێگا، زۆر هەنگی برسی

بە باڵ هات لە دور

لای دایە ئەم شوێنە و ئەم پرسەی پرسی

دەرحەق گوڵی سور

پێم ناڵێی چ کاری، ڕۆڵەم، چ کەسی

سەر سەودای چی کەوتوی، مەنیج ئەپرسی؟ (٣٤٨)

لە ڕوی دارشـــتن و دابەشـــکردنی لەت و تیکەکاندا، ســـەرەتا پەیڕەوی شـــێوازە کلاســـیکییەکەی کردوە، بەڵام بە هێنانەوەی دو لەت بەبێ تیکە، لادانی کردوە، لەڕوی ســــــەرواشــــــەوە، چەند قاڵبێکی جیاوازی لەم تەکنیکەدا پەیڕەوکردوە: (AbAbCC) و (AbAbAA) و (AbBaCC).

٤- بەدوای یەکداهاتنی: دولەت بەبێ تیکە: لە دو پارچەدا، دولەتی هاوســـــەروا (AA) بەبێ تیکە تەوزیف کراون. بۆ نمونە:

ڕو خۆشی و شەرم و نازتێکەڵ پیشاندان

هەر شیاوی خۆتە ئەی مەنیجی جوان! (٣٤٨)

ئەم دابەشکردنە بەهۆی گفتوگۆی کارەکتەرەکان، لەیەکتر جیاکراونەتەوە.

٥- پارچەکردنی تیکە: ئەمە پەیڕەوکردنێکی ناوازە و داهێنەرانەیە، کە گۆران لە نێوان پارچەی (١٢ و ١٣)دا، تیکەی کردۆتە دو بەش، بەشـــی یەکەمی (٣)برگە، بەر پارچەی دوازدەم و بەشـــی دوەمی بەر پارچەی ســـێزدەم کەوتوە، بەمەش تەکنیکێکی دیکەشـــی بۆ شـێوازی هێنانەوەی لەت و تیکە بەرهەمهێناوە. بەڵام لە بنەڕەتدا، کۆپلەکە بەســـەر هەرچوار پارچەی (١١، ١٢، ١٣، ١٤)دا دابەش بوە، کە بریتییە لە:

پارچەی یازدە: هەی داپیر! دەخیلم، چی یە خەبەرت؟



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

ئارامت بردم!

پارچەی دوازدە: ڕۆڵەکەم، کەڵکەڵەی مەنیج لەسەرت

دەربکە ...

پارچەی سیازدە: - مردم!

بێ گومان مەنیجی نازدار مردوە؟

پارچەی چواردەم؛ نە، ماوە، چ مانێ؟ مێردی کردوە (ل٣٥٠)

بەشـــێوەیەکی گشـــتی کۆپلەی موســـتەزادەکە بریتییە لە: بەدای یەکداهاتنی: لەت + تیکە+ لەت + تیکە+ ٢ لەت. سەرواکەشی بریتییە لە: (AbAbCC).

لە بونیادی موســتەزادەدا، گۆران شــیعرێکی پڕ مۆســیقای هۆنیوەتەوە، کە لەڕێی کورتی و درێژیی هەمە جۆری تیکە و لەتەکان ڕەزمی جیاواز و لەڕێی هەمە چەشنیی سەرواکانیشەوە، فرە ئاوازیی بەرهەم هێناوە.

## ئەنجام

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمان لە چەند خاڵێکدا پوخت دەکەینەوە:

١- گۆران بە هەردو کێشی عەروزی و خۆماڵی موستەزادی نوسیوە. ئەوەی جێی سەرنجە شاعیر لە موستەزادە عەروزییەکانیشدا لادانێکی زۆری لە موستەزادی کلاسیکی کردوە و نوێکاری و داهێنانی لە دابەشکردن و بەدوای یەکداهێنانی لەت و تیکەکاندا کردوە.

٢- لە دابەشـــکردنی لەت و تیکەکاندا، تەکنیکی جۆراوجۆری بەکار هێناون، بۆ نمونە، بە تەنها لە موســـتەزادی (جیلوەی شانۆ)دا (١١) تەکنیک و لە موستەزادی (ئەنجامی یاران)دا، (٧) تەکنیکی بەکارهێناوە.

٣- گۆران بە تێکەڵکردنی کێشــی عەروز و کێشــی بڕگەیی لە بونیادی قاڵبی موســتەزادێکدا، نوێکاریی کردوە و لە پاش و پێش خستنی تیکەکانیش داهێنانی کردوە.

٤- گۆران وەک تەکنیکێکی داهێنەرانە، پێکهاتەی تیکەی تێکشکاندوە و بەسەر دو دێڕدا دابەشی کردوە. وەک ئەو دابەشکردنەی لە موستەزادی (ئەنجامی یاران)دا، بەسەر تیکەی (دەربکە مردم)دا هاتوە.

٥- لەڕوی ســەرواوە، لە نێوان لەتەکان و لە نێوان تیکەکان و لە نێوان هەردوکیشــیاندا، شــاعیر تەکنیکی جۆراو جۆری بەکارهێناون، بەمەش لادانی هەمە چەشنی لە بنەمای سەروای قاڵبی موستەزادی کلاسیکیدا کردوە.

٦- گۆران قاڵبی موســتەزادی نەک هەر لە غەزەل، بەڵکو لە ئۆپەرێتیشــدا پەیڕەو کردوە. لە ئەنجامی دابەشـکردنی ڕۆڵی کارەکتەرەکانەوە، قاڵبی موســتەزادەکەی لە پارچەی جیاوازدا بەرجەســتە کردوە و بە تەکنیک و ســەروای جیاواز، مۆسیقایەکی پڕ ڕەزم و پڕ ئاوازتری بەرهەمهێناوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13

# Renewing the Structure of Mustazad in Goran's poems

**Sarbaz Majeed Khoshnaw[1] - Yadgar Rasool Hamadamin[2]**

[1] Kurdish Department, Faculty of Education, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

[2] Kurdish Department, Faculty of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

Mustazad as a poetic model, is not new in Kurdish literature. There are many classic Kurdish poets who wrote poems in the form of Al-Mustazad. Mullah Al-Jaziri was the first to organize a poetic in Mustazad in the history of Kurdish literature. But in the stage of renewal of Kurdish poetry after the First World War, Kurdish poets contributed to renewing the structure of the meter in terms of weight and rhymes and the formation of the different composition in terms of number and arrangement of verses and their component parts.

The title of the research (Renewing the Structure of Mustazad in Goran's poems) is an attempt to show the characteristics of the techniques of renewal and creativity of Goran the poet, and renew the structure of Al-Mustazad at this stage.

There is a clear gap in academic studies of literary theory of comparison to the creativity of Kurdish poets in this field. There are a number of studies that describe Mustazad among other poetic templates, but there is no specialized research in this poetic model to study the renewal techniques and creative attempts of the Kurdish poet.

The research consists of two chapters: the first chapter is concerned with defining Mustazad and its techniques in both the classical and modern stages, while the second chapter is concerned with Goran's creative attempts in this regard. Through this research, the researcher reached to new results on which this poetic form was based.

**Keywords**: Mustazad, Increase, Section, Renewal.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13**

## سەرچاوەکان:


ئەحمەد، پەخشان عەلی، ٢٠٠٩، شێوازی شیعری گۆران، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

باڵەکی، یادگار ڕەسول(٢٠٠٥) سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ١٨٩٨ – ١٩٣٢، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، چاپی یەکەم، دهۆک.

حیلمی، ڕەفیق، ٢٠١٠، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دوەم، هەولێر.

خەزنەدار، د. مارف، ٢٠١٠، مێژوی ئەدەبی کوردی، بەرگ ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دوەم، هەولێر.

سەجادی، علاءالدین، ١٩٦٧، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد.

طاهر، ئامر، ٢٠٠٦، نیما یوشـــیج و عەبدوڵڵا گۆران، نوێکردنەوە و دابڕان، دەزگەها ســـپیرێز یا چاپ و وەشـــانێ، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپا ئێکێ، هەولێر.

کاکی، د. حەمەنوری عومەر،٢٠١٢، شـــێوازی شـــیعری نوێی کوردی- کرمانجی ناوەڕاســـت ١٩٢٠ – ١٩٧٠، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

گەردی، عەزیز، ١٩٩٩، سەروا، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.

گەردی، عەزیز، ١٩٩٩، کێشـــی شـــیعری کلاســـیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەروزی عەرەبی و کێشـــی شـــیعری فارســـیدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.

گۆران، ١٩٨٠، دیوانی گۆران، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: محمدی مەلاکریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، چاپی یەکەم، بەغدا.

محەمەد پور، عەزیز، ١٣٧٨، دیوان وشەرحی حاڵی شێخ ئەحمەدی کۆری موکریانی، نشر محمد پور، چاپخانەی پەیام، تاران.

مەلای جزیری، ١٣٩٣دیوانی مەلای جزیری، شەرح: هەژار، نشر پانیذ، چاپ اول، تاران.

نالی، ١٩٧٧، دیوان و فەرهەنگ، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی: د. مارف خەزنەدار، دار الحرية للطباعة، بەغدا.

راغبیان، مرضـیه و خاییة عاطفة، ١٣٩٠، بررسـی قالب مسـتزاد با تأکید بر جنگ ١٣٧٩٤ کتابخانه مجلس، پیام بهارسـتان/ د٢، س ٤، ش ١٤/ زمستان.

عمید. حسن، ١٣٨٩، فرهنگ فارسی عمید، زیراستار: عزیزالله علیزاده، انتشارات راه رشد، چاپ اول.

موتمن، زین العابدین، ١٣٣٩، تحول شعر فارسی، چاپ شرق.

همایی، جلال الدین،١٣٨٩، فنون بلاغت و صناعات ادبی، چاپ مهارت، چاپ اول، تهران.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper13